ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم؛ ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە سیواک کردن لە پێش هەموو دەستنوێژێکدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم؛ ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە سیواک کردن لە پێش هەموو دەستنوێژێکدا».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - مالیك گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەم فەرموودەیەدا ئەوە ڕوونەدەکاتەوە ئەگەر لە ترسی ئەوە نەبێت کە ناڕەحەتی وقورسی دەکەوێتە سەر ئومەتەکەی وشوێنکەوتووانی: ئەوا فەرمانی پێیاندەکرد وەکو پابەندبوونێکی فەرز بەوەی کە سیواک بکەن پێش ئەوەی دەستنوێژگرتن ئەنجامبدەن، بەڵام ئەم فەرمانەی نەکرد ئەمیش وەکو دەرپرینی بەزەیی وڕەحمەتێک بەرامبەریان، ونەیکرد بە فەرزێک لەسەریان بەڵکو سونەتە (موستەحەبە) کە هەرکەسێک سیواک بکات پاداشتی وەردەگرێت وئەوەی سیواک نەکات سزا نادرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8374